# حوكمی سەرِ بڕینی ئاژەڵێک بەنیەتی لادانی بەڵا وناخۆشی

[ kurdish – كوردی – كردي ]


**موحەمەد ساڵح المنجد**

سایتی: سایتی ئیسلام پرسیار و وەڵام

**وەرگێڕانی:** دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز



2013 - 1434

IslamHouse.com

# هل يجوز الذبح بنية دفع السوء

« باللغة الكردية »


محمد صالح المنجد

موقع الإسلام سؤال وجواب



ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

## حوكمی سەرِ بڕینی ئاژەڵێک بەنیەتی لادانی بەڵا وناخۆشی

**پرسیار**: من كەسێكی خێزاندارم وماوەی چوار ساڵە ژنم هێناوە، ولەو ماوەیەدا هیچ مناڵمان نەبوو، پاشان سوپاس بۆ خوای گەورە زانیم كە خێزانم سكی هەیە، منیش لەسەر ئامۆژگاری باوكی بەرێزم هەستام دوو ئاژەڵم سەربڕی بۆ خۆم و خێزانم لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە وپەروەردگار دابەشم كرد بەسەر هەژاران و نەداراندا، كە خەڵكی پێی دەڵێن ( الفدو )، ئایا حوكمی شەرع لەم بارەیەوە چیە ؟

**وەڵام :** سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار وياوەرانی هەتا هەتایە .

ئەگەر بێتو سەر بڕینی  ئەو دوو ئاژەڵە و دابەش كردنی بەسەر هەژاراندا، وەك شوكر وسوپاسی خوای گەورە بووبێت، ئەوە كارێكی دروستە و هیچ تێدا نییە، چونكە نان دان بەهەژاران كارێكی چاك وباشە، وخوای گەورەش كەسانی چاكەكاری خۆش دەوێت .

بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو سەربڕینەت بۆ ئەوە بێت کە خراپەت لێ دوور بخاتەوە و خێرت بۆ بهێنێت، ئەوە دروست نییە، چونکە ووشەی ( فدو ) لای خەڵکی بەگشتی بۆ ئەوە بەکار دێت کەوا گومان دەبەن ئەو کارەیان خراپەیان لێ دوور دەخاتەوە، خەڵکی ئەم جۆرە سەر بڕینانە لەکاتێکدا ئەنجام دەدەن کە تووشی ڕووداوێك یان نەخۆشیەك بن، چونکە ئاژەڵ سەربڕین لەشەرعدا هیچ نابێتە ڕێگری ئەو قەدەرەی خوا نووسیویەتی جا خێر بێت یان شەڕ .

پرسیاریش کرا لە شێخ عبد العزیز بن باز ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەبارەی ئەو ئاژەڵەی سەر دەبڕڕێت لەکاتی خانوو تەواو کردن یان نیوە کردنیدا :

لەوەڵامدا بەرێزیان ( رەحمەتی خوایان لێ بێت ) ووتیان :

ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە پێویستی زیاتر بەڕوونکردنەوە هەیە، ئەگەر هاتوو مەبەست لەم ئاژەڵ سەربڕینە خۆپاراستن بێت لەجنۆکە، یان هەر مەبەستیکی تر کە ئەو خاوەنماڵە مەبەستی بێت، وەك ئەوەی ئەو سەربڕینە فلاَ ن شت و فیسار شتی بۆ بەدەست دەهێنێت، وەك سەلامەت بوونی خۆی، یان

سەلامەت بوونی کەسانی نیشتەجێی تیایدا ئەوە کارێکی دروست نییە، و بیدعە وداهێنراوە لەدیندا، خۆ ئەگەر هاتوو ئەو سەربڕینە بۆ جۆنکەکان بێت ئەوە شیرکی گەورەیە، چونکە بە ئەنجامدانی عیبادەت بۆ غەیری خوا دێتە ژماردن .

بەڵام ئەگەر هاتوو بە مەبەستی شوکر وسوپاسی خوای گەورە لەسەر نیعمەتەکانی ئەو ئاژەڵە سەربڕا، بەوەی سوپاس بۆ خوا خانوەکەی گەیاندە سەقف تێکردن، یان سوپاس بۆ خوا خانووەکەی تەواو کرد، ئەو کاتە خزم وکەسوکار ودراوسێکانی بانگهێشت کرد بۆ دەعوەت ونان خواردنێك لەماڵی خۆی، ئەگەر بەم مەبەستە بێت هیچ تێدا نییە و دروستە، ئەمەش زۆرێك لەخەڵکی وەك شوکر وسوپاسی خوای گەورە ئەنجامی دەدەن، بەوەی پەروەردگار نیعمەتی خۆی بەسەردا ڕشتوون کە توانیان خانوەکەیان تەواو بکەن ولەکرێچیەتی ڕزگاریان بوو، هاوشێوەی ئەمەش هەندێك خەڵکی تر ئەگەر گەڕانەوە لەسەفەر کارێکی لەم شێوەیە ئەنجام دەدەن بەوەی خزم وکەسوکار ودراوسێکانیان بانگهێشت دەکەن وەك شوکرێك بۆ خوای گەورە کە سەلامەتی

کردن لەو سەفەرەیاندا، پێغەمبەری خوداش ( صلی الله علیه وسلم) کاتێك بگەڕایەتەوە لەسەفەر چەند سەر ووشتریکی سەردەبڕی و خەڵکی بانگهێشت دەکرد بۆی [ رواه البخاري (٣٠٨٩) ] [مجموع فتاوی الشیخ ابن باز ( ٥ / ٣٨٨ )]

هەروەها شێخ محمد بن صالح العثیمین یش (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ووتویەتی : ئەوەی هەندێك لەخەڵکی ئەنجامی دەدەن لەسەربڕینی ئاژەڵێك وپاشان خزم وکەسوکار و دراوسێکانی بۆ بانگهێشت دەکەن بەبۆنەی دروستکردنی خانووەیەکی نوێوە، ئەوە کارێکی دروستە و هیچی تێدا نییە، بەو مەرجەی ئەگەر تێکەڵ نەکرێت لەگەڵ هەندێك بیروباوەڕی پووچ و بەتاڵدا، وەك هەندێك شوێن کەلەناویاندا باوە ئەگەر چوونە ناو خانوویەکی نوێوە، یەکەم شتیك کە ئەنجامی دەدەن ئەوەیە دێن مەڕێك سەردەبڕن بە دەرگای حەوشەکەیاندا تاوەکو خوێنەکەی بڕژێت بەسەریدا، بەو باوەڕەی کە گوایە ئەم کارەیان ڕێگری دەکات لە هاتنە ناوەوەی جنۆکەکانبۆ ئەو ماڵە، لەڕاستیدا ئەم جۆرە باوەڕە باوەڕێکی پووچ و بەتاڵ و فاسیدە، وهیچ ئەصڵێکی نییە

لەئیسلامدا، بەڵام ئەو کەسەی بۆ دەبڕینی خۆشی وشادی کارێکی لەم شێوەیە بکات هیچ قەدی ناکات [الشرح الممتع ( ٧ / ٥٥٠ ، ٥٥١ ) ]

خوای گەورەش زاناترە .